**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق**

**بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق , ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی ژمارە (12)ی ڕۆژی 2007/10/17 یدا ئەم یاسایەی دەرچوواند:**

**یاسای ژمارە (25)ی ساڵی (2007)**

**یاسای هەموارکردنی پیادە کردنی یاسای باجی خانووبەرەی**

**ژمارە (162)ی ساڵی (1959) هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عیراق**

**ماددەی یەکەم :**

**یەکەم : کارکردن بە ماددەی (2) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی (1959) دەوەستێنرێ و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە :**

1- **ڕێژەی (10٪) لە دەستکەوتی ساڵانەی هەر خانووبەرەیەك وەك خەرجی پاراستن و چاککردنەوە پێش حیسیب کردنی باجەکە دادەشکێنرێ .**

2- **باجێکی سەرەکی کە چەندییەکەی (10٪)یە لە دەستکەوتی ساڵانەی هەموو خانووبەرەکان فەرز دەکرێ و وەردەگیرێ دوای داشکاندنی ئەوەی لە بڕگە (1)ی سەرەوەدا هاتووە .**

**دووەم : بڕگەیەك دەخرێتە پاڵ ماددە (4) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی (1959) بڕگەی (3) دووبارە :**

**(3) دووبارە – تەلاری نیشتەجێ بوون و بازرگانی کەبەزیاتر لە سێ نهۆم دروست دەکرێن جگە لە (ژێرزەمین) لە باجی سەرەکی بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە مێژووی تەواوبوونی دروستکردنیەوە کە لێژنەی خەمڵاندن دایدەنێ دەبووردرێن .**

**ماددەی دووەم :**

دووەم : کارکردن بە مادده (11) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی (1959)ی هەموارکراو دەوەستێنرێ و ئەمەی خوارەوەی لەجێ دادەنرێ :

ماددەی (11) : ئەگەر خانووبەرەکە لە نێوان دوو کەس یا زیاتر بوو , ئەمەی خوارەوە ئەنجام دەدرێ :

هەر هاوبەشێك بەرپرسە لە دانی باج لە بەشە ئاشکراکەی خۆی , بەمەرجێك بە زنجیرەیەکی تایبەت بەخۆی تۆمار کرابێ .

ماددەی سێیەم :

بڕگەی (1) لە بڕیاری (520)ی ساڵی (1987) بەم شێوەیە هەموار دەکرێ :

بڕگە (1): خانوویەکی نیشتەجێ بوون یان شوققەیەکی نیشتەجێ بوون کە هەر یەك لە باوك یاخود ڕۆڵەکانی خاوەن خانوو بەکاریان هێنابێ لە باجی خانووبەرە دەبوردرێن , بەمەرجێك ئەوەی لێی دانیشتووە خانوو یا شوققەی نیشتەجێ بوونی بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەبێت .

ماددەی چوارەم :

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ .

ماددەی پێنجەم :

وەزیری دارایی و ئابووری لە هەرێم بووی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ .

ماددەی شەشەم :

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندی دارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

ماددەی حەوتەم :-

ئـەم یاسـایە لـە رۆژی 2008/1/1 دا جێبــەجێ دەکـرێ و لـە رۆژنامــەی فـەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانی**

**کوردستان - عێراق**

هۆیە پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە:

بەمەبەستی گونجانـدنی یاسا لەگەڵ سیاسـەتی ئـابووری لـە هـەرێمی کوردسـتان و لـە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکارییە ئابوورییـە تایبەتییـەکان بـە وەبـەرهێنان و ئابووری بازاڕ و هاندانی بزوتنەوەی ئاوەدانی و وەبەرهێنانەکان بـە شـێوەیەکی گشتی و بۆ بەدیهێنانی داد پەروەری و سـووك کردنـی بـارگرانی بـاج لەسـەر شـانی هاوڵاتیـان ئەم یاسایە دەرچووێنرا .

تێبینی: ئەم یاسایە بە بڕیاری ژمارە (32) لە ساڵی (2007) لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا